# کۆنفرانسێك بۆ کەمکردنەوەی بڕگە یاساییەکانی لەسێدارەدان بەڕێوەچوو






SAHAR
NEWS


حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی مافی مرۆڤ
کۆنفرانسێک بە دروشمی:
(کارکردن بۆ کەمکردنەوەی بڕگە یاساییەکانی سزای لە سێدارەدان)
بەروار: 2008/7/1
کات: (9)ی سەرلەبەیانی
ساز دەکات
KOREK


Xelik



## کۆنفرانسێك بۆ کەمکردنەوەی برگە یاساییەکانی لەسێدارەدان بەڕێوەچوو

رۆژی 2008/7/1 لە هوتێلی خانزاد لە هەولێر کۆنفرانسێك سەبارەت بەکارکردن بۆ کەمکردنەوەی برگە یاساییەکانی سزای لە سێدارەدان بەسەرپەرشتی وەزارەتی مافی مرۆڤ و بەئامادەبوونی وەزیری مافی مرۆڤ و نوێنەری وەزارەتەکانی هەرێم و ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان و ماریا سۆلیداد لێپرسراوی مافی مرۆڤ لە یۆنامی و نوێنەرانی ژمارەیەك لە پسپۆڕانی بواری مافی مرۆڤ و رێکخراوە نا حکومیەکان بەڕێوەچوو.

لەسەرەتای کۆنفرانسەکەدا د.شوان محەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ وتەیەکی پێشکەشکرد و تیشکی خستە سەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە، کە تایبەتبوو بە مافی مرۆڤ و تیرۆر و کارپێنەکردنی یاسای لە سێدارەدان، ووتی:پەرلەمانی کوردستان لەمانگی (8)ی 2006، بڕیاری دووبارە کارپێکردنی سزای لە سێدارەدانی لەهەرێمی کوردستان دەرکرد و وەزارەتەکەمان لەکاتی دەرکردنی بڕیارەکە نیگەرانی خۆی نیشاندا و بەیاننامەی بلاۆکردەوە و، هۆی بڕیارەکەش لەلایەن پەرلەمانەوە بۆهەڕەشەی تیرۆر لەسەر هەرێمەکەمان نەمێنێت، ئەوکات ئێمە لەگەڵ سزای لەسێدارەدان نابین، بۆیە بڕیارماندا پڕۆژەیەك لەسەر کەمکرنەوەی سزای لەسێدارەدان ئامادەبکەین.

دواتر محەمەد فەرەج سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان ووتی: درێژکردنەوەی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر بکەوێتە دوای ئەو کۆنفرانسە، چونکە ئەو کۆنفرانسە کۆمەڵێك پێشنیار و رەشنووسی باش ئامادە دەکەن.

پاشان، ماریان سۆلیداد لێپرسراوی مافی مرۆڤ لە رێکخراوی یۆنامی لە ووتەیەکیدا ووتی: پێویستە یاسای بڕیاری لەسێدارەدان لەوشوێنە جێبەجێبکرێت کە تاوانی سەختی لێ ئەنجام دەدرێت و بڕیارەکەش لەکاتێکدا جێبەجێدەکرێت کە پڕۆسەی دادگایکردنەکە بەشێوەیەکی رێکوپێك بەڕێوەبچێت و رێزی تەواوی ئەو کەسەش لەناو دادگا پارێزراو بێت، ئەگینا ئەو سزایە بە رەشەکوژی یان کوشتنی هەڕەمەکیانە و بێبەشکردنی خەڵك لەمافی ژیان ئەژماردەکرێت. بەپێی ئامارێکی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەساڵی 2006 تا 2008/6/30، (34) کەس لەهەر پارێزگاکەی هەرێم بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە و (18) کەسیان بڕیارەکەیان لەسەر جێبەجێکراوە، کە لە هەولێر زیاترین حاڵەتی جێبەجێکردنی ئەو سزایەی بەرکەوتووە کە (17) کەسن و

(4)یان سزای پێشووتر بووە و لە دهۆك (1) کەس، بـەڵام لـە سـلێمانی هـیچ سـزایەکی لەوجۆرە جێبەجێنەکراوە.

دوای تەواو بوونی خوێندنەوەی ووتارەکان و پێشکەشکردنی چەند بابەتێك کۆنفرانس سـێ گروپی لێ دروست بوو و دابەش بوون ئەویش گروپەکانی (یاسای رووبەڕووبوونەوەی تـیرۆر و یاسای عێراقی و یاساکانی تـر) و دوای کۆبوونـەوەکانیان راسـپاردەکانیان خرایـەڕوو و گفتوگۆیان لەسەر کرا و راسپاردەکانیان دەوڵەمەندکران و پاشـان لیژنەیـەك پێکهـات بـۆ دارشـتنەوەی راسـپاردەکان بەشـێوەیەکی یاسـایی و پێـشکەشکردنی بـۆ سـەرۆکایەتی حکەمەتی هەرێمی کوردستان و لەرێگای ئەوانیشەوە بۆ پەرلەمانی کوردسـتان ئـەنجامی راسپاردەکان و پێشنیارەکان بەم شێوەیە بوو:

1-یاسای مادده بێ هۆشکەرەکان:

پێشنیاز: مانەوەی سزای لە سـێدارەدان بـەپێی مـاددەی (14)ی یاسـای نـاوبراو، بـەڵام سەپاندنی بەسەر ئەو بازرگانانەی تۆڕەکانی ئەم بازرگانیە بەرێوەدەبەن (**الذين يديرون شبكات تجارة المخدارت**).

2-یاسای سزای سەربازی:

پێشنیاز: پەرلەمان دراسەی یاسایەکی سەربازی بکات کە تیایدا رەچاوی ئاسایشی هەرێم و تایبەتمەندی هەرێم و ئەو حاڵەتانەی پەیوەسـتە پێیـان بکـات و لەگـەڵ کەمکردنـەوەی حاڵەتی لە سێدارەدان و نەهێشتنی سزای سێدارە تیایدا.

3-پێشنیاز: دواخستنی راستاندنی (مصادقه) سزای لە سێدارەدان لەگەڵ رەچاوکردنی جـۆری تـاوان و مەترسـییەکەی بەمەبەسـتی پێداچـوونەوەی ملائمـەی تـاوانی ئەنجامدار و لەلایەن دادوەرەکان.

4-پێشنیاز: درێژکردنەوەی ماوەی شیردان لەکاتی سزادانی دووگیان و سەرۆکی هەرێم بۆی هەبێ سزاکە بگۆڕێت.

5-پێشنیاز: رەچاوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان لە جێبەجێکردنی سزای سـێدارە لـە رووی ئامرازەکانی بەکارهاتوو و کەسی ئەنجامدەر و کاتی ئەنجام دان.

6- لابردنی ووشەی (**باعث سیاسی**) لە بڕگە (2) ماددەی دووەم و بگوازرێتەوە بۆ ماددەی سێیەم.

7- بڕگەی (4) لەماددەی دووەم بگوازرێتەوە بۆ ماددەی سێیەم.

8- گواستنەوەی بەشێك لە بڕگە (5) ماددەی دووەم.

(ئەگەر هێرش بردنەکە مردنی لێ نەکەوتەوە) بۆ ماددەی سێیەم.

**لەکۆتایی کۆنفرانسەکەش راگەیاندنی کۆتایی کۆنفرانس راگەیەنرا و ئەمەی خوارەوەش دەقەکەیەتی:**

کاتژمێر 9:30ی سەرلە بەیانی رۆژی 2008/7/1 وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی بۆردی راوێژکاری رێکخراوە ناحکومیەکان لە دیوانی وەزارەت کۆنفرانسی (کارکردن بۆ کەمکردنەوەی بڕگە یاساییەکانی سزای لە سێدارەدان)ی سازکرد، بە پێ ی بەرنامەی کاری کۆنفرانسەکە لەسەرەتادا وتاری هەریەك لە:

وەزارەتی مافی مرۆڤ و لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان و رێکخراوی یونامی و رێکخراوی ئەمنیستی ئەنترناشنالْ و رێکخراوە نا حکومی و بۆردی راوێژکاری خوێندرایەوە. ئینجا چەند بابەتێکی پەیوەندار بە ناوەڕۆکی کۆنفرانسەکە لەلایەن پسپۆڕانەوە پێشکەشکرا کە بریتی بوون لە (ئاماری جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان لە هەرێمی کوردستان و سزای لە سێدارەدان لە یاسای رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و خوێندنەوەیەك بۆ سزای لە سێدارەدان لە یاساکانی سزای عێراقی و سزای لە سێدارەدان لە یاسا نێودەوڵەتیەکاندا).

دوای پشوویەکی کورت کارەکانی کۆنفرانس بە سەر (3) گروپ دابەش بوون کە ئەویش گروپەکانی (یاسای رووبەڕووبونەوەی تیرۆر و یاسای سزادانی عێراقی و یاساکانی تر) بوو.. لە دانیشتنی دووەمی کۆنفرانس راسپاردەی گروپەکان خرایەروو و گفتوگۆیان لەسەر کرا و راسپاردەکان دەوڵەمەند کران و پاشان لێژنەیەك پێکهات بۆ دارشتنەوەی راسپاردەکان بە شێوەیەکی یاسایی و پێشکەش کردنی بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە رێگای ئەوانیشەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

لەکۆتایی کۆنفرانسەکەشدا راگەیاندراوی کۆتایی کۆنفرانس خوێندرایەوە.

**کۆنفرانسی (کارکردن بۆ کەمکردنەوەی بڕگە یاساییەکانی سزای لە سێدارەدان)**

**وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

2008/7/1